انا انزلناه القرانا العربيا لعلكم تعقلون

پرسیارێکیان لە کابرایەکی ڕیش سپی کرد وتیان چ میللەتێک پاش یەک سەدەی تر دەبێتە عاقڵترین میللەت لە سەر گۆی زەوی ؟ .
ووتی عەرەب ....
ووتیان چۆن عەرەب شتی وا مەحاڵە عەرەب چی هەیە جگە لە قسەی زل .
هەر چیەکیان کرد سودی نەبوو، کابرا هەر ووتی عەرەب ،
کابرا ووتی ئێوە بۆچی باوەڕ ناکەن من دەڵێم عەرەب ، بەڕێزان ئەوکاتەی عەرەب عاقڵترینە لە سەر زەوی لەسەر زەوی هیچ میللەتێکی تری لێ نەماوە هەمووی ڕۆیشتووە بۆ گەردونێکی تر ، تەنها عەرەب ماوە لە سەر زەوی ،

لە وولاتانی عەرەبی و بە تایبەتی لە وولاتانی ئیسلامیدا مرۆڤ هەرگیز چێژی لە ئازادی و سەربەستی تاکی نەبینیوەو ناشیبینێ، چونکە دەزانین ئەگەر لە هەندێ وولاتدا بەهۆی نەزانینەوە نەتوانن دیموکراتی پەسەند بکەن یان لێی تێبگەن ئەوا لە وولاتانی ئیسلامیدا هەرگیز دیموکراتی پەسەند ناکرێ و لێی تێناگەن هۆکەشی رەگەز پەرستی تاکەکەسی عەرەبی موسڵمانە و، دەسەڵاتدارانی عەرەب نایانەوێ رەچاوی دیموکراتی بکەن چونکە لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا ناگونجێ. هیچ پیاوێکی موسڵمان حەزی لەوە نیە خێزانەکەی ئازاد بێت و لە رووداوەکانی دەوروبەری بگات هەمیشە حەزی کردووە ئافرەت لە ژێر رکێفی خۆیدا بێت خۆی بەڕێوەی بەرێ ، لە عەرەبی سعودی تاکو ئێستا دوو ئافرەت نابینی سەیارە لێبخەڕێ ئەو دوو کەسەش ئەگەر هەبێ بەشەقی ئەمەریکایە ، ئەمەیە عقلیەتی مرۆڤی عەرەبی ( لەگەڵ ڕێزم دا بۆ زۆربەی عەرەبی ڕۆشنبیر ) ، هێندە بیروباوەڕیان تەسکە و رەگەز پەرستن شەڕخوازو ئاژاوەچین ئەگەر کەسێکی تر بابەتێک دەبارەی ئیسلام بنوسێ بێ هیچ بیرکردنەوەیەک پەنادەبەنە بەر کوشتن و شەڕو خۆپیشاندان و وێرانکردنی شەقامەکان و دەوروبەری ( لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن ئیسلام ئایینێکی ئاشتی خوازانەیە ).

لە هەولێر مامۆستای ڕۆشنبیر و بەڕێز و زەحمەتکێش عەبدولخالیق مەعروف لە ساڵی 1985 کتێبی( ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا ) بە چاپ گەیاند دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە ڕاستەوخۆ گوللەبارانیان کرد و شەهیدیان کرد لە بەر ئەوەی باسی ڕاستیەکانی کرد. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە بۆچی کەسێک نەبوو لە ناو ئیسلامەکاندا **وەڵامی بداتەوە بەقەڵەم** بۆ هەر دەبێت بە گوللە و بەکوشتن ، هەروەها مەسەلەی کتێبەکەی (سەلێمان ڕوشدی)، خومەینی فەتوای دەرکرد بۆ کوشتنی یەک ملیۆن دۆلار بۆ ئەو کەسەی بیکوژێ، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کە سەلێمان ڕوشدی ناوبانگ پەیدابکات و هەرچی کتێبە کۆنەکانیشی بوو ڕەواجی پەیداکردوو ئەو کتێبەش( ئایات شەیطانیە )بۆ زۆر زمانی تر وەرگێڕدرا و 400 ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا و بووە هۆی ئەوەی زیاتر خەڵکی لە مەسەلەکە بکۆڵنەوە و تێبگەن، ئەگەر خومەینی هێچی نەوتایە لەوبڕوایەدا بووم  هەزار یان بڵێین یەک ملیون کەس لەو مەسەلەیە ئاگادار بوایە واتە شتەکان خۆمان گەورەی دەکەین و دەمانەوێ چارەی بکەین بە کوشتن و شەڕ . بۆ کەسێک نەبوو **وڵامی بداتەوە بە قەڵەم.**

ئەمڕۆش دەبینین لەسەر وێنەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە لە دانیمارک لەلایەن کەسێکەوە دروست کراوە لە جیهانی ئیسلامیدا بۆتە تەقینەوەی بۆمبێکی ئەتۆمی و کاک قەرضاوی (کە ماڵی هەزارانی وێرانکردووە بەفەتواکانی) دەڵێ ئەوروپا ئێمە پێویستیمان بە ئێوە نییە و دەتوانین بە خورما و ئاو بژین ،(کە خۆشی باش دەزانێ ئەک ڕۆژ عەرەب بێ تەکنەلۆجیای ئەوروپا و ئەمەریکا ناژی) ئەوەی هەیانە و دروست کراوە بەعەقڵی ئەوروپی و ئەمەریکی دروست کراوە، پاشان مەسەلەی وێنەکان رای کەسێکی نەفام و نەزان و بێعەقڵ بووە کەس لەگەڵ ئەوەدا نییە ،کەچی مەسەلەکە زوو گەورەیانکردو جیهانیان تێگەیاند و نەیان دەزانی لە وڵاتی دانیمارک و زۆر وڵاتی تر کەس پەرە بەو شتانە ناداد و وەکو کارێکی ئاسایی تێی دەڕوانن ، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئایینی لە وڵاتانی عەرەبیدا و وڵاتانی ئیسلامیدا بەداخێکی زۆریشەوە لە کوردستاندا سەلماندیان کە لەو مرۆڤە نەفامترن، چونکە ئەوەی نەدەویست لە پاکیستان مەلایەکی

عاقڵ فەتوای کوشتنی ئەو کەسەی ئاشکرا نکات و هەمدیسان یەک ملیۆن دۆلار خەڵات بۆ ئەو کەسەی بیکوژی و ئەمە جگە لە سوتاندنی ئاڵای دانیمارک و سوتاندنی سەفارەتەکەی لە سوریا. هەروەها لە غەزە دەیەها کەسی دانیمارکی کە لە ڕێخراوی مرۆڤایەتی یاریدەی خەڵکی لێقەوماوانی ئەو وڵاتە دەدەن کەچی کەتونەتە بەر شەپۆلی هێرشی خەڵکی و لێدانێکی باشیان لێداون، لە وڵاتانی تر بازرگانی ناکەن لەگەڵ وڵاتی دانیمارک ،سەیری عەقڵی عەرەبی بکەن، ئەمەیش بێگومان میدیای عەرەبی ئەم کارەی شێواند، لە تێڕوانینێکی نەفامیەوە باسی شتەکان دەکەن بە شێوەیەک سەر لە مرۆڤی سادەوساکاری خۆیان دەشێوێنن. مەبەست کەسێک بۆ نەبوو بەشێوەیەکی جوان **بەقەڵەم وەلامی ئەکەسەبداتەوە** نەک بەو شێوەیەی کە بینیمان و بیستمان.
گلەیم لە زانیاری هەندێ مرۆڤی عەرەب نیە ، بەڕاستی لە قسەکردندا بەتوانان بەڵام تەنیا لە قسەکردندا و هیچی تر ،

باوکی دەریا